"عەلی مەحموود محەمەد" ناسراو بە (عەلی سیاسی) سەرپرشتیاری ناوەندی هەڵەبجە دژی ئەنفالکردن و ژینۆسایدی گەلی کورد – چاك" لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی کوردستان راپۆرت :

**نەگبەتی کورد لەوەدایە زانیاری لەسەر نەیارانی کەمە**

**نابێ گوێ لەوە رابگرین کە "شەلەم شێخ" شوێنێکی خۆشە و بەرپرسان بەردەوام رووی تێدەکەن بۆ حەسانەوە و بۆ بەسەربردنی کاتەکانیان، دەبێ هەول بدەین ئەم کەیسە نەکەین بە قوربانی شتی شەخسی و شتی دیپلۆماسی**

**بۆ گەڕانەوەی ئەو کچە کوردە لیژنەیەکی نهێنیمان لە میسر دروست کردووە کە کەسایەتی گرنگی میسری تێدایە**

**لاترین ریکخراو لە کوردستاندا بودجەکەی بە قەت هەموو خەرجەکانی (ناوەندی چاك)ە بە هەموو بەشەکانییەوە**

**ئێمە ئەوەندە چالاکیمان زۆرە هەموو رۆژنامەکان فریامان ناکەون**

**دیمانە : سالار بابەشێخ**

**هۆکاری دامەزراندنی ناوەندی (چاك):**

ژمارەیەکی زۆر لە کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان لە دەرەوەی وڵات دەژین، کە ئەوانیش لە هەڵوێستی نیشتمانی خۆیان هەیە و " عەلی مەحموود محەمەد"یش یەکێکە لەو کەسانەی کە سالأنێکە وەك داکۆکیکارێك لە قوربانییەکانی ئەنفال و کیمیاباران چالاکی بەرچاوی هەبووە، ئەو لەبارەی چۆنیەتی دروستبوونی ناوەندی چاك گوتی "ئێمە لە کوردستان لە دوای سالی (1991)ەوە یەکەم لایەن و گروپێك بووین کە رێکخراوێی فەرمیمان بە ناوی "رێکخراوی ئاوارە و ئەنفالەکان"دامەزراند، کۆمەڵی خەڵکی چالاك لە دەوری ئەم رێکخراوە کۆبوونەوە، ئەم رێکخراوەش تا ئەو کاتەی لە کوردستان نەماین، چالاکترین رێکخراوی سڤیلی کوردی بووە، کە چووینە دەرەوەش هەستمان کرد بۆشاییەك هەیە لە سەر کیمیابارن و ئەنفالی کورد، بۆیە پێش ئەوەش ناوەندی چاك دروست بکرێت، کۆمەڵێ چالاکیمان ئەنجامدا، بۆ نموونە لە سالی (2001) لە

چوارچێوەی چالاکییەکانی کاروانی ئاشتیدا، لە چەندین وڵات یادی هەڵەبجەمان کردووە، هەر ئەو ساڵە بانگەوازی یادی ئەنفالەکانمان کرد، ئێمە ناوەندێکمان هەبوو بە ناوی "ناوەندی رۆشنبیری پێشکەوتنخوازی کوردی لە هۆڵەندا"، بۆ یەکەمجاریش لە دەرەوەی وڵات ئێمە یادی ئەنفالمان کردەوە، بە گشتی هەوڵمان داوە دەست بۆ ئەم چالاکییانە بەرین کە ئەنفال و جینۆسایدی کورد بە دنیا بناسێنن، کەمپێك بۆ یادکردنەوەی هەڵەبجە و ئەنفال وەکو پیشتگیرییەك لە دادگاییکردنی "نزار خەزرەجی"، خۆپێشاندانمان لە شاری (کۆپن هاگن) ئەنجامدا بۆ دادگاییکردنی ناوبراو کە زانیمان ئەوکارانە سورکەوتووە، بۆیە درێژەمان پێدا و بڕیارمان دا بیکەین بە رێکخراوێکی فەرمی، پاش (10) مانگ کارکردن لەناو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفالدا، بەشێکی زۆر لەو چالاکڤانانە، ئەوانەی چالاك بوون و کەسانی تریش لە دەرەوە بڕیارمان دا ناوەندی چاك دروست بکەین".

**ئەندام و لێژنەکانی ناوەندی چاك :**

وەك ئاماژەی پێدا ناوەندی چاك (9) ئەندامی لێژنەی هەمیشەیی و (2) یەدەکیان هەیە، بەرپرسی هەر لێژنەیەك ئەندامی لێژنەی بەڕێوەبەرە و سەرپرشتیار و جێگری سەرپرشتیاریان هەیە، هەروەها لێژنەی چاودێریشیان هەیە، کە لە (4) کەس پێکهاتووە بۆ ئەوەی هەرکێشەیەکی ناوخۆیی، یان هەر گرفتێك کە لە پێڕەوپرۆگرامدا هەبێ ئەوان بێ لایەنانە هەڵوێست وەربگرن و بەرامبەر بە هەمو کارەکانی دارایی، راگەیاندن و رێکخستن چاودێری بکەن و "تا ئێستا کارەکانی خۆیان زۆر بە باشی کردووە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوە دروست بوو کە ترس و گومانێك هەیە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، زۆربەی رێکخراوەکان بەرەو لایەنێکی سیاسی دەڕۆن، ئەو لێژنەی چاودێرییە بۆ ئەوەیە کە وەکو موراقب و چاودێر هەر جۆرە هەڵخزان و ئاراستە وەرگرتنی بەرەو لایەنێکی دیاریکراو ستۆپی پێ بکات".

ناوەندی چاك هیچ نووسینگەیەکی لە هیچ وڵاتێکدا نییە بەڵام وەك سەرپرشتیاری ئەم ناوەندە باسیکرد لقیان زۆرە، "لقی هۆڵەندامان هەیە کە کۆنترین بەشە و مۆڵەتی رەسمی هەیە، لە دانمارك، ئەڵمانیا، سویس، بەلژیکا، سوید، نەرویج، ئەمریکا، فەنلاندا، لقمان هەیە و هەموویان ئەکتیڤن". ئاماژەی بەوەشکرد کە بەشێکیشیان لە کوردستان هەیە و لقی رۆژهەڵاتی کوردستانیشیان هەیە، بەڵام نووسینگەیان نییە و زیاتر لە رێگەی بەیەك گەیشتن و"ئەنتەرنێت"ەوە پەیوەندییەکانیان رێکدەخەن، چونکە "ئێمە رێکخراوێکی حکوومی نین، ئێمە ئیمکاناتمان زۆر زەعیفە".

ئەندامەتی لە رێکخراوەکانی نێو دەوڵەتیدا :

تا ئێستە ناوەندی چاك لە (3) رێکخراوی (OPL) و "جینۆسایدۆچ" و "رێکخراوی ئاشتی جیهانی"، ئەندامەتی هەیە و دەستەی کارگێڕی ناوەندی چاك پرۆژەیان هەیە لە داهاتوودا لە چەندین رێکخراوی تردا بین بە ئەندام.

**سەرچاوەی دارایی:**

**لە بارەی سەرچاوەی دارایی ناوەندەکەیان عەلی مەحموود گوتی "لاترین ڕێکخراو لە کوردستاندا بودجەکەی بە قەت هەموو خەرجەکانی (ناوەندی چاك)ە بە هەموو بەشەکانییەوە". سەرپەرشتیاری ناوەندی چاك ئەوەشی نەشاردەوە کە پەرلەمانی کوردستان لەم ماوەیەدا (4000) دۆلاری پێداون و ئەوەشی خستەڕوو کە "حکومەتی هەرێم لە سلێمانی (5000) دۆلاری پێمانبەخشی بۆ چالاکییەکانی 1/21، هەر وەها وەزیر هەبووە و خەڵکی خێرخوازیش هەبووە یارمەتی ئێمەیان داوە، ئێمە پاڵپشتی دارایی لە هەموو کەسێك وەردەگرین بە تایبەتی حکومەت و پەرلەمان کە نوێنەرایەتی هەموو گەل دەکەن، بەڵام بە مەرجێك کە هیچ قەید و شەرتێك لەسەر چالاکییەکانمان دانەنێن. گوتیشی هەرچی وەردەگرن و هەرچی خەرج دەکەن هەمووی بڵاو دەکەنەوە.**

**لە بارەی سەردانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و تەوەری باسەکانیان لە میانەی دیدارەکەیدا گوتی "لەم سەردانەدا داوای یارمەتی و بەڵێنمان نەکرد، ناوەندی چاك پێشتر ئەو کارەی کردووە و داوای کردووە نووسینگەیەك بکەینەوە لە کوردستاندا. بەڵام تا ئێستا هیچ وەڵامێکیان نەداوەتەوە، تەوەری باسەکانمان لەسەر ئەوە بوو، کە وەزارەت یارمەتی کەسوکاری قوربانییەکانی ئەنفال و کیمیاباران لە دەرەوەی هەولێر بدات، چونکە خەڵکێکی زۆر هەیە پێیانوایە ئێستا جیاکاری دەکرێ لە نیوانیاندا، لە دەرووبەری هەولێر، بە تایبەتی لە دارەتوو و بنەسڵاوە، باسی یادکردنەوەی هەڵەبجە و ئەنفالمان کرد، یادی (20) ساڵەی هەڵەبجە و ئەنفال، هەروەها شاندێکی ناوەندی چاك و چەند پرۆفیسۆرێك لە داهاتوودا دێن بۆ کوردستان ئیتر قسەوباس هاتە سەر گۆڕە بە کۆمەڵەکان و گەڕانەوەیان بۆ کوردستان و دیارکردنی جێگە بۆ ناشتنەوەیان، ئەوانە تەوەری باسەکانمان بوون".**

**چالاکی لە بواری دەستخستنی ئامارەکان:**

**لە بارەی کارکردنیان لە بواری دەستخستنی ئامارێکی دروست و وردبینانەی زانستی لە سەر ژمارەی قوربانییەکانی ئەنفال و کیمیاباران گوتی " لە ئاماردا ئەم (000) سێ سفرانەی کۆتایی کەس قبووڵی ناکات، وەك (182000) _ (5000)، دەبێ لە کۆتایی سەدەی بیستدا کارەکان ئەکادیمی و زانستی بێ، ئەو ئامارانە لەوانەیە بۆ نیو سەدە لەمەوپێش مەعقوولییەت و کاراییەکی هەبووبێ، بەڵام ئێستە هیچ ناوەندێکی نێو دەوڵەتی ئەو ئامارانەی قبوڵ نییە".**

**عەلی مەحموود پێیوایە دەستخستنی ئامارێکی متمانە پێکراو ئیمکانیاتێکی زۆری مادی دەوێ و پێویستی بە هێزێکی گەورەی مەعنەوی هەیە، ئەوەش لە توانای حکومەتدا دەبینێت و دەڵێت "بۆ ئەوەی شکڵێکی ڕەسمی بەخۆیەوە بگرێ پێویستە حکومەت بەمکارە هەستێ و جێبەجێی بکات، ئێمەش بەردەوام داوامان لە حکومەت کردووە کە گرنگی بە ئامارەکان بدەن، بۆ ئەوەی لە ئاستی نێو دەوڵەتیدا کەڵکی لێ وەربگرین".**

دادگـاییکردنی سـەرجەم تاوانبـاران، و باشـکردنی بـاری گـوزەران و ژیـانی کەسـوکاری شـەهیدان و پاشماوەی ئەنفالکراوەکان دوو مەبەستی گرنگن لە لای ناوەندی چاك و بەم بۆنەوە هەندێك جاریش فشاریان خستۆتە سەر حکومەت هەتا کاری بۆ بکات.

**ناهەماهەنگی لە ئامانج و ناوی ناوەندی چاك:**

بە پێی قسەکانی سەرپەرشتی ناوەندی چاك، ئامانجەکانی ئەوان لـە سنووری کـەرتێکی کوردسـتاندا تەسـك ناکرێتـەوە و لـە ئاسـتی کوردسـتانی مەزنـدا کـاری بـۆ دەکـەن، ئەمـەش لـە تـەك نـاوی ناوەندەکەیانـدا ناهەماهەنگییـەکی هەیـە کـە لەمبارەیـەوە دەڵێـت "ئـەوەش یەکێکـە لـەو کێـشانەی بەرەورووی ئێمە بووتەوە، ئێمە بۆ ئەوەی بەرفراوانتر بین، دەبێ لەو سنوورە دەربچینە دەرەوە، بۆیە هەوڵ دەدەین لە کۆنگرەی داهاتوودا، ناوێکی سەرتاپاگر هەڵبژێرین بۆ ئەوەی تەعبیر لە کوردی هـەر چوار پارچەی کوردستان بکات و تەعبیر لە جینۆسایدکردنی مرۆڤێك بکات کە ناوی کـورد بێـت و لـە هەر کوێیەك بژیت. ئومێد ئەوەیە کورد لە داهاتوودا ببێت بە نەتەوەیەك و دەوڵەتێك و ئەو جیاوازییە جواگرافییایەش نەمێنێ، ئێمەش کارمان تەنها لەسەر هەڵەبجە نەکردووە، ئیشمان لەسەر "قارنێ" و "قـەڵاتان" و "قامیـشلو" و "عـاموودا" کـردووە، ناوەنـدی هەڵەبجـە بـۆ یەکـەمجار یـادی ئـەو کۆمەڵکوژییانەی کردۆتەوە کە لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا کراون، پاش (20) و چەند ساڵ لە کارەساتی قارنێ، ئێمـە لـە دەرەوە بۆ یەکـەمجار یادمـان کـردەوە، دیفاعمـان لـە خـەڵکی مـەهاباد و سـەڵماس و ئـەو ناوانـە کـردووە، ئێمـە پـشتیوانیمان لـە راپـەڕینی خـەڵکی دیاربـەکر و رۆژهـەڵاتی کوردستان کردووە".

**کۆنگرە و کۆبوونەکانی ناوەندی چاك :**

وەك سەرپەرشـتیاری ناوەندەکـە باسیکرد ناوەنـدی چـاك پێـشتر لـە رێگـەی "ئیتـەرنێت"ەوە هـەموو کۆبوونـەوەکانی گـرێ داوە و تـا ئێـستا تـەنها خـاوەنی (1) یـەك کۆنگرەیـە و لـە وڵاتـی ئـەڵمانیا کۆنگرەی یەکەمی خۆی بەڕێوەبردووە.

**دادگاییکردنی تاوانباران:**

داواکردنـی دادگـاییکردنی تاوانبـاران، یەکێکـە لـە ئامانجـە سـەرکییەکانی ناوەنـدی چـاك و لـەبارەی داخوازیی دادگاییکردنی "وەفیق سامەڕایی" عەلی مـەحموود گـوتی " لـە سـاڵی (2002)ەوە ئێمـە سەرقاڵی ئەو مەسەلەیەین، گەیشتووە بەوەی کە ئێمە کەفالـەتێکمان کـردووە، کەفالەتەکە ئـەدەین بـە پارێزەرەکەمان، ئەویش کارەکانی خۆی دەکات.

دوای هەڵـدێرانی رژێمـی بـەعس "فرانس ڤان ئانرات" بـۆ هۆڵەنـدا گەڕایـەوە و لـە لایـەن راگەیانـدنی هۆڵەندییـەوە چـاوپێکەوتنیان لەگـەڵ کـرد، وەك عـەلی مـەحموود ئامـاژەی پێـدا پـاش ئـەوەی پـارتی سوسیالیـستی هۆڵەنـدی لـە پەرلـەمانی ئـەو وڵاتـەدا باسـەکەی تەقانـدەوە، ئـەوانیش بـە تاوانەکانـە ناوبراویان زانیوە و لەمبارەوە گوتی "رۆژێك بەڕێز "ئەحمـەدی شـێخ سدیق" کە ئەندامی ناوەندی

چاکە تەلەفوونی بۆ کردم و داوای کرد" فرانس ڤان ئانرات " بدەینە دادگا، تا ئەو رۆژە ئەو ناوەم نەبیستبوو، نەگبەتی کورد لەوەدایە زانیاری کەمە لەسەر نەیارانی، کەسێك بە ناوی "تاناکا" دووساڵ لەسەر فرۆشتنی چەکی کیمیایی بە حزبی بەعس لە ئەمریکا حوکم درا، سزا دراوە و بەندکراوە، بە بێ ئەوەی کوردێك لەمە ئاگادار بێ، کە کەسێك حوکم دراوە کە تاوانی بەرامبەر بە میللەتەکەی کردووە. ئێمە بۆ دادگاییکردنی " فرانس ڤان ئانرات " راوێژمان لەگەڵ برادەرانی خۆمان کرد، یەك لە وان کاك "ئەمیر قادر" بوو کە ئێمە تەکلیفمان لێکرد و ئەویش بە دڵسۆزانە ئیشەکانی جێبەجێ کرد".

دادگاییکردنی جاشەکان:

"من بۆخۆم وەك سەرپەرشتیاری ناوەندی چاك وەکالەتم کردووە، بۆ ئەوەی جاشەکانیش بدرێنە دادگا، هەر پارێزەرێکی تریش کە ئامادەیە مەلەفی دادگاییکردنی جاشەکان بگرێتە ئەستۆ، ئێمە ئامادەییمان هەیە. هەرکەس دەتوانێ لەگەڵ ئێمە کار بکات، بە مەرجێك کاریگەری لەسەر ئەوە دابنێ کە ئەنفال بە جینۆساید بناسرێ".

ناوەندی چاکیش لە دەنگۆی لایەنگری لە لایەنێکی سیاسی و پاشکۆبوونی حزبەکان بێ بەری نییە، بەڵام سەرپرشتیاری ئەم ناوەندە ئەوە رەت دەکاتەوە و دەڵێت "ناوەندی چاك رێکخراوێکی سەربەخۆیە، رەخنەی لە دەسەڵات، لەسەر پێشێلکردنی مافی کەسوکاری قوربانییەکانە، لە هەمان کاتدا ئێمە بۆ خۆمان خاوەن ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو یان خەتێکی دەستنیشانکراو نین، یان ئەلترناتیڤی دەسەڵاتمان نییە، ئێمە رێکخراوێکین کار دەکەین وەکو بەشێك لە کۆمەڵگەی مەدەنی، ئێمە کارمان بە گۆرینی دەسەڵات و ئەم دەست و ئەو دەستکردنی دەسەڵات و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان نییە، ئێمە ئێش دەکەین بۆ باشترکردنی دەسەڵات، هەروەها پێشوەخت هەڵوێستی سلبی یان ئیجابیمان بەرامبەر بە هیچ لایەنێکی سیاسی نییە، بە یەك چاو سەیری هەموویان دەکەین و خۆمان بە دۆستی هەموویان دەزانین، هاوکات لایەنێکیش کە مافی مرۆڤ پێشێل دەکات یان لە دژی بەرژەوەنییەکانی نەتەوە هەڵوێست وەردەگرێت، ئێمە رەخنەی بەردەوامی لێدەگرین، رۆژگاریش دەیسەلمێنێ کە ئێمە سەربەخۆین یان سەربەخۆ نین. بەداخەوە ئەوانەی کە ئەو رەخنانە لە ئێمە دەگرن لەوانەیە لەو وڵاتانەش کە تێیدا دەژین بەو شکڵەی کە ئێمە لە کوردستان هەڵوێست دەگرین و قسەی خۆمان هەیە، ئەوان لە دەرەوەش نەتوانن بیکەن".

لە بارەی چارەنووسی (18) کچە کوردە فرۆشراوەکە بە وڵاتی میسر و کارو چالاکییەکانی ناوەندی چاك سەرپرشتیاری ناوەندەکە رایگەیاند لە یەکەم رۆژەوە کە بەڵگەنامەکە بڵاوکراوە، ناوەندی چاك چالاکانە بەدواداچوونی بۆ هەبووە، "کێشە تەنها ئەو (18) کچە کوردە نییە کە فرۆشراون، هەموو ئەوانەی بێ سەروشوێن کراون لە ئەنفالدا، ژن، پیاو، کچ، کوڕ گەورە و بچووکیان، مەبەست و ئامانجی ئێمەیە کە لە چارەنووسیان ئاگادار ببینەوە، بۆ ئەو کچانەش ئێمە نامەیەکمان دایە سەفیری

عێراقی لە هۆڵەندا، نامەکە دوایی لە تەلەفزیۆن و راگەیاندنەکانی کوردی بڵاوکرایەوە، دواتر رێکخراوی ژنانی ئەنفال بەرنامەیەکیان لەسەر ئامادەکرد، ئێمە بەڵگەنامەکەمان کردە زمانی ئینگلیسی و فەرەنسی و بۆ چەندین هەزار لایەن ناردمان، دوای ئەوەش پەیوەندیم بە پارێزەر " کەمال سەید قادر" کرد، ئەو خۆشبەختانە باش هاتە دەست و پەیوەندی بە (UN)ەوە کرد، لەم پەیوەندییەدا تەنانەت لەگەڵ هەندێك رۆژنامەنووس لە شاری سلێمانی، کەوتینە کێشەوە لەسەر ئەوەی کە ئەوان باسی ئەوەیان کردبوو کە شتی وا روی نەداوە، بە لای ئێمەوە، کورد حەقی بە سەر حکومەتی میسرەوە هەیە، چونکە میسر لە شەڕ دژ بە گەلی کورد یارمەتی مادی و مەعنەوی رژێمی عێراقی داوە، چەکی کیمیایی داوە بە عێراق، بۆیە گەلی کورد نابێ گوێ لەوە رابگرێ لە حکومەتی میسر لە رووی پێگەی سیاسییەوە دیارە، نابێ گوێ لەوەش رابگرین کە "شەلەم شێخ" شوێنێکی خۆشە و بەرپرسان بەردەوام رووی تێدەکەن بۆ حەسانەوە و بۆ بەسەربردنی کاتەکانیان، دەبێ هەول بدەین ئەم کەیسە نەکەین بە قوربانی شتی شەخسی و شتی دیپلۆماسی، و ئەم بابەتە بە زیندوویی رابگرین هەتا حکومەتی میسر و ئەوانەی بەرامبەر بە کورد تاوانبارن بیاندەین بە دادگا.

بە پێی دیمانەیەکی رۆژنامەنووسی کچێکی کورد لە مەلهەیەکی میسر دۆزراوتەوە، لەمبارەیەوە عەلی مەحمود بە گومانەوە دێتە ئاخاغتن و دەڵێت "بۆ گەڕانەوەی ئەو کچە کوردە لیژنەیەکی نهێنیمان لە میسر دروست کردووە کە کەسایەتی گرنگی میسری تێدایە و کار بۆ ئەوە دەکەن ئەگەر هەواڵەکە راست بێت بە دوای چارەنووسەکەیدا بگەڕێن، ئەگەر هەواڵەکە راست نەبێ ئێمە وەك ناوەندی چاك لەسەر ئەو دوو رۆژنامەنووسە یان هەر کەسێکی تر کە هەواڵێکی ناڕاست بڵاودەکاتەوە و زیانی بۆ سەر ئەمنی کەسێك هەیە، خۆمان بە بەرپرس دەزانین لە بەرامبەر ئاسایش و چارەنووسی قوربانیان داوای یاساییان لەسەر تۆمار بکەین". هەر بەم بۆنەوە ئەوەشی خستە روو کە پەیوەندییان بە "ئەمنوسیتیی"ەوە کردووە، و رێکەوتی 12/10 کە "حوسنی مبارەك" سەردانی ئەڵمانیا دەکات، بەنیازن خۆپێشاندانێك ساز بکەن و گوتی"پارساڵ ئێمە نزیکەی (20) خۆپێشاندانمان بۆ ئەو کچانە کردووە ئەمساڵیش بەردەوام دەبین و بۆ ئەو کچەش خۆ پیشاندان دەکەین، وابزانم ئەوە رەنگدانەوەیەکی زۆر گرنگی دەبێ".

ناوەندی چاك جگە لە ماڵپەڕەکەیان بڵاوکراوەیەکی نووساری و یان دەنگ و رەنگیان نییە، بەڵام عەلی مەحموود "هەموو بڵاوکراوەکان و رۆژنامەکانی کوردستان و رۆژنامەکەی ئێمەش بە رۆررژنامەی خۆیان دەزانێت و دەڵێت "ئێمە ئەوەندە چالاکیمان زۆرە هەموو رۆژنامەکان فریامان ناکەون".

"عەلی مەحموود محەمەد" ناسراو بە عەلی سیاسی

(1963) لە ناوچەی شوانی کەرکوك لە دایکبووە

خێزاندارە، (2) کوڕ و (2) کچی هەیە و دانیشتووی هۆڵەندایە

دەرچووی کۆلێژی زانستی بەشی کیما

لە (1985)ەوە پێشمەرگە بووە

، لە ساڵی (1994) ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری رێکخراوی "ئاوارە و ئەنفالەکانیان" بووە، و وەک سکرتێری رێکخراوەکە هەڵبژێردراوە.

پێشتر ئەندامی ناوەندی چاک بووە و ئێستاش سەرپەرشتیاری ناوەندی "چاک"ە